**وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٢٣٧٤ لە ٢٠٢٥/٤/٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كە پێمان دراوە لە ماددەی (٢٣) و (١٥٢)ی یاسای كار ژمارە (٧١)ی ساڵ ١٩٨٧ی هەمواركراو ، ئەو ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هەمواری یەكەمی ڕێنمایی كاركردنی كرێكاری بیانی**
**لە هەرێمی كوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥**

**ماددەی (١): هەمواركردنی ماددەی (هەشتەم) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**
**ماددەی هەشتەم:** كۆمپانیای مۆڵەت پێدراو بۆ هێنانی كرێكاری بیانی، پێویستە بڕی (٦٥،٠٠٠،٠٠٠) شەست و پێنج ملیۆن دینار وەك دەستەبەری بانكی لە بانكە حكومییەكان دابنێت بەم شێوەی خوارەوە:
(٢٦،٠٠٠،٠٠٠) بیست و شەش ملیۆن دیناری عیراقی بەشێوەی نەختینە و بڕی (٣٩،٠٠٠،٠٠٠) سی و نۆ ملیۆن دیناری عێراقی وەك نامەی دەستەبەری (خطاب ضمان) لە ژێر ژمێرێكی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتییەكانی كار، ئەم بڕە پارەیە خەرج دەكرێت لەلایەن لیژنەیەكی پێكهێنراو بە سەرۆكایەتی بەڕێوەبەری كار و ئەندامیەتی هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە و یەكێتی سەندیكاكانی كرێكاران، ئەمەش لەكاتی پابەند نەبوونی كۆمپانیا بە یاسا ورێنماییەكانی دەرچوو و لە كاتی پێویستدا و لەكاتی خەرج كردنی هەر بڕە پارەیەك لە مایەی ئاماژەپێكراو پێویستە لەسەر كۆمپانیا قەرەبووی ئەو بڕە بكاتەوە بۆ ژمارەی ژمێریەكە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا.
**ماددەی (٢): هەمواركردنی ماددەی (نۆیەم / یەكەم / بڕگەی د) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**
د- لەسەر خاوەن پرۆژەكانی وەبەرهێنان وئەوانەی كار بەكرێكاری بیانی دەكەن بڕێك پارە كە لە نێوان (٦٥٠،٠٠٠) شەش سەد و پەنجا هەزار دینار تا (١،٣٠٠،٠٠٠) ملیۆنێك و سێ سەد هەزار دینار دابنێن بۆ هەر كرێكارێك بەپێی خەرجی وڵاتەكەی وەكو بارمتە لە بانكە حكومیەكان بۆدەستەبەر كردنی مافی كرێكاری بیانی و گەڕاندنەوەی بۆ وڵاتی خۆی دوای كۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەكەی یان نوێكردنەوەی وە كۆی بڕی دانراو لە (٣٢،٥٠٠،٠٠٠) سی و دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.
**ماددەی (٣):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لەڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) كاری پێدەكرێت.

**كوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**